بەشی سێهەم

# زانای فەرموودەناس
# ئيمام ئەبو داود

ئيمام ئەبو داود ناوی (سلێمانی كوڕی ئەشعەثی كوڕی عەمرە) لەعەشيرەتی (الأزديی)ە .

لەساڵی (٢٠٢) كۆچی هاتۆتە دونياوە لە (سەجستان) كە بەرامبەرە لەگەڵ (٨١٥)ی زايينیدا .

هەر لەمناڵيەوە سەر قاڵی خوێندن و فێر بوون بووەو هەوڵی لەبەر كردنی فەرموودەكانی پێغەمبەری خوای داوە . ئەبو داود هەر لە مناڵيەوە نيشانەی بليمەتی و زيرەكی تێدا ئەبينرا . دوای ئەوە ئەبوداود لە وولاتی سەجستان فێری زانستی فەرموودەو شارەزا دەبێت لە عيلمەكان لە تەمەنی (١٨) ساڵيدا دەست دەكات بە گەڕان بەدوای زانستدا و فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) داوا ڕێژەيەكی ئيجگار زۆر لەبەر دەكات تا دەگاتە سەدان هەزار فەرموودە .

ئەمەش دەبێتە يارمەتيەكی باش بۆ پێگەياندن و بون بە زانای كەسێكی وەك ئەبوداود .

## مامۆستاكانی ئيمام ئەبوداود و گەشتەكانی

ئيمام ئەبوداود بە شوێن زانست و فەرموودە شيرينەكانی پێغەمبەردا (ﷺ) چەندين وولات گەڕاوە.

هەر لە هەژدە ساڵيدا ، لە ساڵی (٢٢٠) كۆچیدا (جەجستان) بەجێ دەهێڵێ و بەدوای زانست دا شار بەشارو دێ بەدێ ئەڕوات هەتا لە شاری (بصرة)دا جێگير بووەو هەر لەوێش كۆچی دوايی كردووە .

لەو شوێنانەی ئيمام لە ميانەی گەشتەكانيدا چووە:-

(عێراق - شام - خراسان - ميصر - حجاز - بغداد - كوفه - بصره - مەككە - مەدينە - سمرقند - نيسابور - سەجستان - بلخ - بوخاری - ديمەشق ...) .
ئەبوداود لەو گەشتانەدا گەيشتۆتە خزمەتی زۆرێك لە مامۆستايان و زانايان و گێڕەڕەوانی فەرموودەو تابعينی تابعين . لەخزمەتياندا زانستی وەرگرتوە لەوانە :
(سولەيمانی كوڕی حەرب - ئيسحاق كوڕی راهويە - ئەحمەدی كوڕی حەنبەل - عەلی مەدين - يحيى كوڕی معين - يحيى كوڕی شورەيح - قوتەيبەی كوڕی سەعيد - بوخاری ...... و چەندەهای تر ) .

## قوتابييەكانی ئيمام ئەبوداود

پاش ئەوەی ئەبوداود لەبواری فەرموودەدا سوار چاكی خۆی نيشان داو . هەروەها بەهرەو تواناكانی خۆی دەرخست بە تايبەتی دوای ئەوە كە (ئەبو أحمد موفق) كە وەلی عەهدی خەليفەی بەغداد بوو داوای ئەوەی لێ كرد كە بچێت بۆ بەصرە و لەوێ جێگير بێت و لە هەموو لايەكەوە قوتابيانی زانست بێنە خزمەتی و مەجليسی زانست دابمەزرێنێت و بە زانستەكەی بەصرە ئاوەدان بكاتەوە چونكە ئەو كاتە بەصرە چۆڵ و وێرانەو ئاوەدانی تێدا نەبووە . بەم شێوەيە خەڵكی لە مەجليسەكانی ئەبوداودا فێری زانياری دەبون و مەجليسەكان و كۆڕەكانی ئەبوداود شاری بەصرەی ئاوەدان كردەوە .

چەندين زانای بليمەت و زيرەك لەژێر دەستیدا پەروەردە بون لەوانە :

١-(ابی عبدالرحمن خراسانی) ناسراوە بە(نسائی) و خاوەنی (سنن نسائی) .

٢-(ئەبوبكر ی كوڕی ئەبی دنيا ) ،

٣- (محمدی كوڕی يحيی سەوڵی) ،

٤- (ئەبو حامدی ئەصبەهانی) ،

٥-(ئيساقی وەڕاق) ،

٦-(احمد كوڕی ياسين هەرەوی).
٧- (عبدالله كوڕی يعقوب) ..... وچەندەهای تر .

## زانستی ئيمام ئەبوداود

ئەوەی بەووردی سەرنج بدات لە ژيانی ئەبوداود و زانست و زانياريەكانی بۆی دەرئەكەوێت كە ئيمام ئەبوداود تا چ ڕادەيەك بليمەت و پسپۆڕ و سەركەوتوو بووە . زانستەكانی بەتايبەتی لەچەند بوارێكدا خۆی ئەبينێتەوە :-

١-زانستی فەرموودە : ئەبوداود لەم بوارەدا زۆر سەركەوتوو بووەو شارەزاييەكی باشی تێدا هەبووە هەردوو ئيمام (محمد ابن اسحاق صاغانی و ئيبراهيمی حەربی) دەفەرموون (زانستیحەديس نەرم بووە لەبەردەستی ئەبو داودا هەر چۆن ئاسان و نەرم بووە لەبەر دەستی داود پێغەمبەر دا (عليه السلام) ) .

٢- زانستی جرح وتعديل : زۆر سەير نيە كە ئەبوداود سەرناسێكی بليمەت بو بێت و ناوو نەسەبی مردوو زيندوەكانی بەئاسانی دەناسی لەكاتێكدا كە شاگردوو قوتابيەكی زيرەكی (ئەحمەدی كوڕی حنبل و يحيی كوڕی معين و ئيبن مەدينی) بووە .

٣-زانستی عيللەت : لەم زانستەدا ئەبوداود توانيويەتی كە قوفڵی سەر دەرگاكانی بشكێنێت و بە ئارەزوی خۆی مەلەی تيا بكات و پەی بە نهێنيەكانی ببات لە كتێبە ناودارەكەيدا (السنن) چەندين باسی لەم بارەوە نوسيوە .

٤-زانستی فيقه : ئەبوداود بەهەمان شێوە لە زانستی شەرع و فيقه بليمەت بووە ماوەيەكی زۆر هاوەڵێتی (أحمد بن حنبل) ی كردووە و پرسياری شەرعی لێ كردووە .

## کتێبەکانی ئیمام ئەبو داود

ئیمام ئەبوداود گرنگیەکی زۆری داوە بە نوسینەوەو نەقڵ کردنی عیلمەکان بۆ سەر کاغەز بۆ سودمەندبونی نەوەکانی دوای خۆی و نەشاردنەوەی ئەو زانستەی کە ئەبوداود ماوەیەکی زۆر هەوڵی لەگەڵ داوە لە کتێب و نوسراوەکانی ئەمانەن :-

١- (السنن) کە ناسراوە بە (سونەنی ئەبوداود) .

٢-(المراسیل) ٣- (الکتاب الزهد) .

٤- (الناسخ والمنسوخ) ٥- (الکتاب القدر) .

٦- (الفضائل الانصار) ٧- (دلائل النبوة) .

٨- (المسائل) (پرسیارەکانی ئەبوداود لە ئیمام (ئەحمەد بن حنبل) ........و چەندەهای تر) .

## ( السنن )ی ئیمام ئەبو داود

ئەوەی ئاشکراو دیارە ئیمام ئەبوداود تاکە قوتابی ئیمام (احمد بن حنبل)ە کە لەبارەی صحیحەوە کتێبی نوسیبێت و خۆی سەر قاڵ کرد بێت بەفەرموودەوە . بۆیە ئەبوداود فەرموودە ناسێکی بەتواناو شەرع زانێکی لێ هاتوو بووە .

ئەوەش کە جێی سەرنجە (السنن)ی ئەبوداود بە شێوازێکی ئاسان و ڕەوان نوسراوە و بە مەبەستی سود گەیاندن بە خەڵکی ئەمەش بەڵگەی نیەت پاکی و دڵسۆزی بووە بۆ خوای گەورەو پەروەردگار .

وەهەروەهائیمام کەڵکی لەکتێبەکانی پێش خۆی وەرگرتووە وەك ((الموطأ)ی ئیمام مالك و (الجامع)ی سوفیان و کتێبەکانی وەکیع و ئەحمەدی کوڕی حنبل و حەسەن ئەلحەلوانی ) .

ئەبوداود ئەفەرموێت (نیو ملیۆن فەرموودەی پێغەمبەری خوام لەبەر کردووە وە لە سونەندا (٤٨٠٠) حەدیسم نووسیوە کە لەو (٥٠٠٠٠٠) فەرموودەیەم گوڵ بژێرم کردووە) .

بەڵام لەبارەی دروستیەوە ئیمام ئەبو داود ئەفەرمووێ (السنن : کتێبێکە کە هیچ فەرموودەیەکی صحیحت لێ وون نابێت . وە واش نابینم ، کە هیچ کتێبێك دوای قورئان پێش ئەم کتێبە بخوێنرێت . وە کەس زەرەر ناکات ئەگەر ئەم کتێبە بخوێنێت و پاشان واز لە زانست بێنێت) .

بەڵام ئەوەی جێگەی سەر سوڕمانە ئەبوداود ئەفەرموێ (٤٨٠٠) فەرموودەیە لەکاتێکدا مامۆستا (محی الدین عبدالحمید) نوسخەیەك لەم کتێبەی تەحقیق کردووە تیایدا (٥٢٧٤) فەرموودەی هێناوە .

هەر چۆنێك بێت (ئیمام ابو حامد محمد بن محمد بن احمد الغزالی) کە لە ساڵی (٥٠٥) کۆچی وەفاتی کردووە دەفەرموێ (سونەنی ئەبوداود بەسە بۆ مجتهد کە لەبارەی فەرموودەکانی ئەحکامەوە سودیان لێ وەربگرێت) وە لەسەر ئەو ووتەیە زۆرێك لە پێشەوایان شوێنی کەوتون .... !!!

## ستایشی‌زایان و شایەتی پێشەوایان

زۆرێك لە زانایان ستایشی فەرموودەو گوفتارەکانی ئیمام ئەبوداودیان کردووە بەزاناو پێشەوایان زانیووە لەوانە :-

١- (عبدالرحمن کوڕی حاتم) ئەفەرموێ (ئەبوداود خاوەنی سیقەیە) .

٢-(حاکمی نیسابوری) ئەفەرموێ (ئەبوداود پێشەوای ئەهلی حەدیسەو بێ هاوەڵ و مونافیسە) .

٣- (ئیبن حبان) ئەفەرموێ (ئەبوداود یەکێکە لە پێشەوایەتی ناوداری دنیا لە فیقه و زانست و وەرع و سوننەتدا ) .

٤- (ئەحمەدی کوڕی محمەدی کوڕی یاسین) ئەفەرموێ (ئەبوداود لە سوارچاکانی حەدیسە) .

٥- (ئیسحاق کوڕی هارون) ئەفەرموێ (ئەبوداود لەدنیادا خوا بۆ حەدیسی دروست کرد بوو لە قیامەتیش‌بۆ بەهەشتی دروست کردووە) .
٦- (ئەبو عبدالله کوڕی مەندە) ئەفەرموێ (ئەوانەی تەخریج و تصحیحی حەدیسیان کردووە چوارن ١- بوخاری ٢- مسلم ٣- ئەبوداود ٤- نسائی ............... و چەندەها زاناو پێشەوای تر ).

## کۆچی دوایی ئیمام ئەبوداود

ئیمام ئەبوداود دوای ئەوەی تەمەنێکی پڕ بەرەکەتی لە خزمەت فەرمودەکانی پێغەمبەردا بردە سەرو تیایاندا ورد بویەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکردن و پلەی خواناسین و زوهدو وەرع و ● ڕۆچونی لەفەرموودەکاندا بەشێوەیەك بووە کەدەی فەرموو :-
(ئەم چوار (٤) فەرموودەیە بەسە بۆ دینی مرۆڤی خواناس :-
١- (إنما الأعمال بالنيات ....)
٢- (من حسن الاسلام المرء تركه مالا يعنيه)
٣- (لا يكون المؤمن مؤمناً . حتى يرضى لأخيه ما يرضى لنفسه)
٤- (الحلال بين والحرام بين وبينهما أمور متشبهات .........) ...!!
بەڵام زانای خواناس و شۆڕە سواری حەدیسەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبو داودی سەجستانی لە ساڵی (٢٧٥) ی کۆچی وەفاتی کرد کە بەرامبەرە لەگەڵ ساڵی (٨٨٨) میلادی لە شاری ئاوەدان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و ووتە شیرینەکانی ئەبوداود (بصرة)ی ئەبوداود مشهور .
(خوای گەورە جەزای خێری بداتەوە و ڕەحمی پێ بکات)

(جزاه الله خيراً ورحمه الله)